کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-9-2007 15:10

**کۆتای هاتنی پاریزگارە تازەکان لە کۆشکی سپیدا ... پێشەوا هەڵەبجەی**

پاریزگارە تازەکان نازناوی ئەو گروپە بوو کە لە دوای سەرکەوتنی جورج بوش لە هەلبژاردنەکانی ساڵی 1998 ی وڵاتە یکگرتوەکانی ئەمریکا دەستیان کرد بە فەرمان رەوای لە ئەمریکا. ئەم تیمە بە پرۆژەیەکی گەورە و بە ئایدۆلۆژیایەکی مەسیحی توند لەسەر ئاستی جیهان خۆیان دەرخست لە هەوڵی زیاتردا بوون بۆ دەستگرتن بەسەر جیهاندا، لەگرنگترین ئەو بنچینانەی ئەم تیمە کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵی جێبەجێکردنیان دا بەکارهێنانی هێزی سەربازیە وەك چارەی یەکەم وبەرپاکردنی جەنگی خۆپارێزی (الوقائیە) بەبی دوودڵی وهەوڵدانیان بۆ جی بەجێکردنی شیوازی ژیانی ئەمریکای بەسەر جیهاندا کە بە جیهانگیری ناسراوە.



بەڵام لە دوای نزیکەی هەشت ساڵ لە هاتنە سەر تەختی فەرمان رەوایەتی گۆڤاری فانشاڵ تایمزی بەریتانی لە هەواڵیکی شیکاریدا باس لەو دەکات کە دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا تەنها کەسیکی ئەو گروپەیە کە بە پاریزگارە تازەکان یان مافیاکانی تەکساس ناسراون بە پیوە راوەستاوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو فەشەلە یەك لە دوای یەکانەی کە کەڵەتەکانی ئەم گروپە لەسەر ئاستی جیهان بە دەستیان هینا لەگرنگترینیان دوگلاس فیس کە وکیلی وزیری بەرگری بوو پی وابوو عیراقیەکان بە گوڵ پێشوازی لە ئەمریکایەکان دەکەن و سکوت لیبی راوێژکاری جێگری سەرۆك و ریتشارد بیرل و دۆناڵد رامسفێلد ی وەزیری بەرگری کە بە یەکێك لە پایە گرنگەکانی پارێزگارە تازەکان و ئیدارەکەی جورج بوشی سەرۆك دادەنرا و جون بوڵتن سەفیری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە کۆنگریسی ئەمریکا رازی نەبوو جارێکی تر لە پوستەکەیدا بمینیتەوە و بوول ولفویتز کە بە مێشکی پارێزگارە تازەکان ناسراو بوو.

گەورەترین زیان کە بە جورج بوش کەوت لەم ماوەی پێشودا وازهینانی کارل روفی گەورەترین راوێژکاری کە بە عقڵی ریکخەری سەرکەوتنی جورج بۆش دادەنریت لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی پێشوی ئەمریکادا.

کەسایەتیەکانی ئەم تیمە هەمیشە لە راکردندان لەو واقیعەی کە توشیان بوە داواترینیان البرتو گونزالی وەزیری داد بوو.

بەمردنی قیس ئەمریکی ناسراو و ئەندازیاری یەکخستنی مسیحیە پاریزگارەکان جیری فول ویل ئیدارەکەی جورج بوشی سەرۆك هەروەك یندی تایمز دەڵیت وەك لاشەیەکی لەت و پەت و رزیو لی هاتوە.

وەك باسکرا کەڵەتەکانی ئەم گروپە یەك لە دوای یەك کەوتون کەسیان لە پۆستی بەرپرسیارێتیدا نەماون جگ لە دیك چینی جیگرو جۆرج بوشی سەرۆك و گرنگ ترین هوکاری مانەوەیان ئەوەیە کە بو چوار ساڵ هەڵبژێراون و مافی تەواوکردنی ماوەکەی خۆیان هەیە و هەروەك یندی تایمز دەڵیت بە کۆتای هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی جورج بوش کوتای دێت بە سەردەمی پارێزگارە تازەکان لە ئەمریکادا.

پێشەوا هەڵەبجەی
کۆلیجی زانستە سیاسیەکان – سلیمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.